# چەند حوکمێکی

# شەرعی سەبارەت بەمەسحی سەر خوف

[ بە کوردی ]

## بعض الأحكام الشرعية المتعلقة بالمسح على الخفين

[ باللغة الكوردية ]


نوسینی: عەبدولسەلام موحەمەد پشدەری

الكاتب: عبد السلام محمد بشدري

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

2009 -1430



islamhouse.com

# چەند حوکمێکی

# شەرعی سەبارەت بەمەسحی سەر خوف

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورەو میهرەبان وسەلام وصلاواتیش بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام وئال وبەیت وسەرجەم هاوەڵ وشوین کەوتوانی .

مەسحی سەر خوف یەکێکەلەو ئاسان کاری ورۆخصەتانەی کەخوای گەورەداینا وەبۆ ئیمانداران تاوەکو بتوانن بەندایەتی وعبادەتەکانیان بەئاسانی بۆ بکرێت، وەک خوای گەورەدەفەرموێت : { يُرِيدُ اللهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ } (١) واتە: خوای گەورەئاسانکاری بۆ ئێوەدەوێت ونایەوێت شتان لەسەر گران وقورس بکات .

وەهەروەها پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ( بشروا ولاتنفروا يسروا ولاتعسروا ) (٢) واتە: موژدەبدەن بە( لێبوردن و ڕەحمی خوا ) وخەڵکی مەتۆرێنن لەئیسلام، شت لەسەر خەڵکی ئاسان بکەن وقورسی مەکەن لەسەریان .

ئەوەش بزانین ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەموو ئەحکامەکانی لەسەر ئیمانداران ئاسان وسووک کردووەوهیچ بیانویەکی بۆ بەندەکان نەهێشتوەتەوە.

لەبەرامبەر ئەمەشدا پەرورەدگار پێی خۆشەئەو ڕوخصەت وئاسانکاریانەی کەکردویەتی بۆ بەندەکانی بیکەن وئەنجامی بدەن، چونکەخوای گەورەبۆ مرۆڤەکانی داناون وەک لەفەرموودەیەکی صەحیحدا هاتوەکەپێغەمبە ری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت : ( إن الله یحب أن یؤخذ برخصه کما یحب أن یترک معصیته) (٣) واتە: پەروەردگار پێی خۆشەبەندەکانی ئەو ڕوخصەتانەئەنجام بدەن و بیان کەن، هەروەک چۆن پێی خۆشە سەرپێچیەکانی واز لێبهێنن .

جا مەسح کردنی سەر خوف یش یەکێکەلەو ئاسان کاریانەی کەئاینی پیرۆزی ئیسلام کردوویەتی لەپێناو نەهێشتنی بارگرانی وقوورسی لەسەر ئیمانداران.

بفەرموون ئێوەو کوورتەیەک سەبارەت بەچۆنیەتی مەسح کردنی سەر خوف .

- **شێوازی مەسح کردن لەسەر خوف :**

پاش ئەوەی عادەتەن چۆن دەست نوێژ دەگریت دەست ودەم وچاوت شۆری وقوڵەکانت تا ئانیشکت ومەسح کردنی سەرت ، ئەوجا لەبری ئەوەی قاچەکانت بشرۆیت تەنها مەسحیان دەکەیت بەم شێوەیە: سەرەتا هەر دوو دەستت دەکەیت بەناو ئاودا، وپاشان بەدەستی ڕاستت سەرپێی ڕاستت بەسەر خوفەکەدا یەک جار مەسح دەکەیت تا دەگاتەقولی پێکانت، بەبێ ئەوەی ژێر پێ وپاژنەی پێت مەسح بکەیت، پاشان پێی چەپیشت بەهەمان شێوەی پێی ڕاستت مەسح دەکەیت .

- **مەرجەکانی مەسح کردن لەسەر خوف :**

دەبێت ئەو خوفەی کەلەپێ دەکرێت لەسەر پاکی لەپێ کرابێت، واتە: دەست نوێژت گرتبێت ئەوجا لەپێت کردبن، ئەو خوفەش مباح بێت ، واتەلەو شت ومەکان نەبێت کەحرامەبۆ نموونە: پیاوان نابێت خوفێک لەپێ بکەن کەلەحەریر یان ئاوریشم دروست کرابێت، وەدەبێت پاک و خاوێن بێت و پیس نەبێت، دیسان ئەو خوفەبۆ حەدەثی بچوک لەپێ کرابێت واتە: بۆ دەست نوێژ گرتن نەک بۆ جەنابەت بێت، وەلەو ماوەیەتێ پەڕ نەکان کەدیاری کراوەبۆ ئەو کەسەی کەلەسەفەردایە، یان مقیم وجێگیرەو لەشوێنی خۆیەتی، کەپاشتر باسی ئەو ماوەیەدەکەین .

**ماوەوکاتی مەسح کردنی خوف چەندەبۆ موسافر و موقیم ؟**

بۆ کەسێک کەجێگیر بێت و لەشاری خۆی بێت و لەسەفەردا نەبێت، ئەتوانێت شەو ڕۆژێک مەسح بکات لەسەر خوفەکانی بەبێ ئەوەی دایان بکەنێت وقاچەکانی بشوات، وەبۆ کەسی موسافریش سێ ڕۆژ بەشەوەکانیەوەدەتوانێت مەسح بکات لەسەر خوفەکانی، وەئەم ماوەیەش دەست پێ دەکات لەیەکەم جاری مەسح کردنەوە، واتە: ئەگەر خوفەکانی لەکاتی نیوەڕۆ لەپێ کرد، بەڵام یەکەم مەسح کردنی لەنویژی عەسرەوەدەست پێ کرد لەسەر خوفەکانی، ئەوەئەگەر موقیم بوو دەتوانێت تا ڕۆژی دواتر وتا کاتی هاتنی نوێژی عەسر مەسح بکات ، وە بۆ مسافریش هەر وایەبەڵام ئەوەندەهەیەمسافر سێ رۆژەبەشەوەکانیەوە.

ئەویش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کەئیمامی علی ( رەزای خوای لێ بێت ) ڕیوایەتی کردووەکەدەفەرموێت : ( جعل رسول الله- صلى الله عليه وسلم - ثلاثة أيام ولياله‍ن للمسافر، ويوما وليلة للمقيم ) واتە: پێغەمبەری

خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سێ ڕۆژی دانا بەشەوەکانیەوەبۆ مسافر بۆ ئەوەی مەسح بکات لەسەر خف، وەبۆ مقیم یش شەو ڕۆژێک (٤) .

چا هەرکەسێک لەسەفەردا بوو ڕۆژێک مەسحی کرد بوو لەسەر خوفەکانی،بەڵام پاشان گەڕایەوەشارەکەی خۆی ئەوەئەو ماوەیەی کەدیاری کراوەبۆ موقیم تەواو دەکات ( واتەشەو وڕۆژێک، چونکەجوکمی موسافری نەماوە) وەبەپێچەوانەشەوەئەگەر موقیم بوو ڕۆژێک مەسحی سەر خوفەکانی کردبوو، پاشان ڕۆشت بۆ سەفەر ئەوەلەک کاتەدا مەسحی موسافر دەکات ( واتە: سێ رۆژ وسێ شەو تەواو دەکات ) .

بۆ زانیاری زیاتریش : لەکاتێکدا دەڵێین ماوەی مەسحی سەر خوف بۆ موقیم وبۆ موسافر ئەو ماوەیەیەکەباسمان کرد، مانای ئەوەنیەنەتوانن جارێکی تر لەپاش کۆتای هاتنی ئەو ماوەیەدووبارەی بکەنەوە، بەڵکو چ موقیم بێت یان موسافر دەتوانێت دوای ئەوەی ماوەکەی تەواو بوو جارێکی تر دەست نوێژ بگرێتەوە( واتەهەموو ئەندامەکانی بشوات بەقاچەکانیشیەوە) ئەوجا لەسەر طهارەخوفەکانی لەپێ بکاتەوە، بۆ مەسحێکی نۆی .

**بەچ شتێک مەسحی سەر خوف بەتاڵ دەبێتەوە؟**

مەسحی سەر خوف بەم چەند شتانەی لای خوارەوەبەتاڵ دەبنەوە:

١- ئەگەر هاتوو خوفەکان لەپێ داکەنران .

٢- ئەگەر هاتوو شتێک بەسەردا هات کەپێویستی بەغوسل وخۆشورین کرد وەک ئەوەی کەوتەجەنابەتەوە، یان ( جماعی ) لەگەڵ خێزانی کرد . یان هەرشتێکی تر .

٣ - ئەگەر هاتوو ماوەی دیاری کراوی تەواو بوو، وەک لەسەرەوەئاماژەمان پێدا بەڵام دەست نوێژی ئەو کەسەی کەماوەی خوفەکانی تەواو دەبێت ناشکێت، بەیەکێک لەو شتانەنەبێت کەدەست نوێژ دەشکێنن .

بەم شێوەیەی کەباسمان کرد مەسحی سەر خوف دەکرێت، بەو هیوایەی توانیبێتمان إن شا الله شتێکمان بۆ ڕوون کردبنەوەلەحوکمەکانی ئیسلام، داواکارین لەخوای گەورەبیخاتەمیزانی حەسەناتی ئێمەوئێوەشەوە.

وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی اله وصحبه وسلم

<u>پەراوێزەکان :</u>

١ - سورەتی البقرة ئایەتی ١٨٥ .

٢- ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، باب العلم بەژمارە٩٦، وئیمامی موسلم باب الجهاد والسیر بەژمارە١٧٣٤ .

٣ - ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوەو ابن خزیمەوابی حاتم والبانی بەفەرموودەیەکی صەحیح ی دادەنێن .

٤ - ئیمامی مسلم ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەتی کردوە بەژمارە ٢٧٦ .